# عێراق لەتەنگەژەیەکەوە بۆ تەنگەژەیەکی گەورەتر

**هاشم عەبدوڵلا محێدین**



گفتوگۆکانی نێوان لیستە براوەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی بەغداد لەتەنگەژەو گێژاودا دەخولێتەوە، تا نووسینی ئەم بابەتە ئاکامێکی ئەوتۆی لێنەکەوتۆتەوە کە شیاوی باسکردن بێ، بەڵام لانی کەم ئەو رامانەی سەلماند کە هەنگاو هەڵهێنانەوە بەرەو دیموکراتیزەکردنی ئەو وڵاتەی لەسێ هەرێمی بەزۆر بەیەکەوە لکێنراو، لەسەرو بەندی یەکەمین شەڕی جیهانی بەپلانی دەرەکی دروستکراوە، زیاتر لەتراویلکە دەچێ. بەیەکەوە ژیانی نەتەوەو پێکهاتەکانی ناو عێراق بەرۆشی ئێستایانەوە لەهەتەراتو مەتەرات نزیکتر دەبێتەوە. ئەوانەی شێلگیرانە پێیان لەسەر یەکپارچە هێشتنەوەی دەوڵەتی عێراقدا دەگرت، وردەوردە پەی بەو راستییە دەبەنو هەست بەسەختی هاوکێشەکە دەکەن. وێڕای ئەوەی سێ ساڵ دەبێ رژێمی سەدام هەڵتەکێنراوە. لەماوەی ئەو سێ ساڵەدا سێ جۆرە حکومەت هاتوونو رۆشتوون. بەڵام کێشەو گرفتەکانی ناو عێراق هەرماونو چارەسەر نەکراون. لەسەردەمی پۆڵ بریمەرو جڤاتی فەرمانڕەوایی کاتی، تەنگەژەکان سەریان هەڵدایەوە، زەنگی شەڕی ناوەخۆ لێدرا. بەداخەوە سیاسەتەکارانی عێراق کرۆکی کێشەکەیان بۆ نەبوونی حکومەتێکی خاوەن دەستەڵاتی خۆیی دەگێڕایەوەو بانگەشەیان بۆ دەستەڵاتو فەرمانڕەوایی خوودی عێراقیەکان دەکردو ٣٠ ی حوزەیران، رۆژی سپاردنەوەی دەستەڵات بەعێراقیەکانییان بە رۆژی سەرکەوتن ناو دەبرد. لەسەردەمی کابینەی ئەیادعەلاوی‌و سەرکۆماریی غازی یاوەر نەوەک کێشەو قەیرانەکان چارەسەرنەکران، رۆژ دوای رۆژ لەبنبەستەکە نزیکتر دەبوونەوە. سیاسەتەکارە عێراقچیەکان بیانۆی ئەوەیان دەهێنا گۆڕێ کە ئەو کابینەیە لەریگەی دەنگدانەوە دەستەڵاتی نەگرتۆتە دەست، بانگەشەیان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان دەکردو سندوقەکانی دەنگدانیان بە یەکلاکەرەوە دادەنا. لەسەردەمی کابینەکەی جەعفەری‌و سەرۆکایەتی مام جەلال بە بیانۆی ئەوەی سوننەکان بەشدارییان لەدەنگدان نەکردووە، لەپێکهێنانی حکومەت پەلەکراوە، بۆ ساڵێك دەبێ‌و بە رێککەوتن پێکهێنراوەو ئەرکی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی دەبێت، دیسانەوە سیاسەتکارانی عێراق خۆیان لەچاوگەی کێشەکان پەنهان دەکردو بانگەشەیان بۆ هەڵبژاردنەوە دەکردو بەشداربوونی سوننەیان وەك گەرەنتی سەرکەوتن لێکدەدایەوە. لەهەرسێ حکومەتەکە تەنگەژەو ئاڵۆزییەکانی ناو عێراق چارەسەرنەکراونو بەختەوەری بە دینەهات، کێشەکان بە هەڵپەسێردراوی هێڵرانەوە. ئەوەی دەستەلات دەگرێتە دەست، ئەگەر بۆی بچێتە سەر دەیەوێ شوێن پێی رژێمی رووخاو هەڵبگرێتەوەو دەستەلاتی خۆی بسەپێنێ‌و پاکانەش بە یەکپارچەیی خاکی عێراقەوە بهێنێتەوە. بەدرێژایی ئەو ماوەیە سیاسەتکارو دەستەڵاتدارانی عێراق هەوڵی خۆیان داوەو بەرەو هاوڕایی کاریان کردووە، بەڵام هێشتا لەجیاتی لەیەکتر نزیك کردنەوەی خواستی نەتەوەو پێکهاتەکان، نێوانیان ئاڵۆزتر دەبێ‌و زیاتریش لەیەکتری دوور دەکەونەوە. ئاکامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لەنێوان دوو سەنگەری دانپیانەنانو دەست پێوەگرتندا دەخولێتەوە. سوننەکان لێبڕاوانە ئاکامی هەڵبژاردن رەت دەکەنەوەو باس لەفێڵو سەختەکاری دەکەنو داوای هەڵبژاردنەوە دەکەنو دڵیان بە چاودێرانی نێو دەوڵەتی‌و کۆمکاری عەرەبی خۆش کردووە. شیعەکان زۆر بەتووندی بە ٣ (نە) دەست بەئاکامی هەڵبژاردنەکەوە دەگرنو دەڵێن نەئاکامی هەڵبژاردن رەتدەکرێتەوە، نەهەڵبژاردن دەکرێتەوە، نە واز لەپۆستە گەورەکانیش دەهێنین، لەسەر پێکهێنانی کابینەی حکومەت گفتوگۆ دەکەینو ئەوەی دەیەوێ بەشداربێ، با بێ‌و دانوستاندنمان لەگەڵدا بکات. کورد پێیوایە ئەم کابینەیە وەك کابینەکەی ئیبراهیم جەعفەری نابێ‌و ماددەی ٥٨ جێبەجێ دەکاتو بارودۆخی شێواوی کەرکوك ئاسایی دەکاتەوەو راپرسی بەڕێوە دەچێ‌و کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە. سەرکردایەتی کورد بەو ئامانجەوە کاری ناوبژیوانی بەڕێوەدەباتو لایەنە ناکۆکەکان لەیەکتر نزیك دەکاتەوەو بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی بنکە فراوان تێدەکۆشێ‌و پەنا بۆ سیاسەتی رێککەوتن کە سەرەتاییترین بنەماکانی دیموکراسی تێدا نییە، دەبات. هەریەکە لەسوننەو شیعەو کورد کۆمەڵێ ئارمانجی ئایینییان لەبەرچاو گرتووەو کاری بۆ دەکەن، ئەو ئارمانجانە خاڵی هاوبەشیان تیا نییەو ناکرێ پشتیان پێببەسترێ. باوەڕناکرێ خودی لیستە براوەکان ئاگایان لەساختەکاریەکانی ناو هەڵبژاردنەکان نەبێ، یان بتوانن نکۆڵی لێبکەنو بە هەڵبژاردنێکی پاكو بێگەرد ناوی بنێن. ئەگەر ئەو هێزانەی باس لەرەتکردنەوەی ئاکامی هەڵبژرادنەکە دەکەن، بە وێنەی ئەوانەی لەسەردەمی سلۆبۆدان میلۆسۆفیچ ئاکامی هەڵبژاردنیان رەتکردەوە یان بە وێنەی ئەوانەی لەئۆکرانیا بە پشتی ئەمریکا هەڵبژاردنیان رەتکردەوە، پشتیوانیان لێبکرێ، لەوانەیە کێشەیەکی گەورەتر بۆ شیعەکان دروست بکەنو تەنگەژەیەکی قوڵتر بهێننەئاراوە. رێپوان‌وخۆپیشاندانەکانی بەغدادو شارەکانی تر زەنگی مەترسی‌و هۆشیارکردنەوەبوون. دووپاتیان کردەوە کێشەی عێراق لە نەگونجانی پێکهاتەکان و لەپێکەوەلکاندنی زۆرەکی هەرێمەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، بە پینەوپەڕۆ چارەسەرناکرێن و بیانۆی نابەجێ کۆتانابن.

ئەگەر بەچاوی ڕاستینەوە لە سیناریۆکانی عێراقی بڕوانن، دەگەینە ئەوباوەڕەی کە عەرەبی سوننە تاسەر بەرگری لەخواستەکانی خۆی دەکات و بۆگێرانەوەی دەستەلاتی لەدەستچووی تێدەکۆشێ. هەرچەندە ماوەی هەشتا ساڵ، دەسەلات لە لایەن عەرەبی سوننەوە قۆرخ کرابوو، بەڵام ئێستاش ئامادە نابێ بەدەستی بەتاڵ بگەڕێتەوەو دەسەلات بە عەرەبی شیعە یان کورد بسپێرێ. سوننە خۆی بەخاوەنی هەموو عێراق دەزانێ‌و عێراقیش بە وڵاتێکی عەرەبی لەقەڵەم دەدات، دەستەلاتی شیعە بەدەستەڵاتی ئێرانو فارس پێوانەدەکاتو بەئەرکی نەتەوەیی خۆی دەزانێ دژایەتی بکاتو هەڵیتەکێنێ. دەستەڵاتی کورد بە واتای دەرچوونی عێراق لەخولگەی عەرەبێتی لێکدەداتەوە، نە پشتیی پیدەبستێ‌و نەباوەڕیشی پێدەکات. لەدەروونەوە هەست بەخواستی نەتەوەیی بندەست دەکاتو دەترسێ نەوەك باشووری کوردستان رزگاری یەکجارەکی بەدەست بێنێ‌و سەربەخۆیی رابگەیەنێ. لەم روانگەیەوە دریژە بە دوژمنایەتی لەگەڵ کورد دەداتو تا بۆی بکرێ رێگە لەئاسایی کردنەوەی ناوچە بەعەرەبکراوەکان دەگرێ‌و نایەوێ عەرەبی هاوردە بۆ ئەو شوێنانەی لێیانەوە هاتوون، بگێردرێنەوە. زۆر سەرسەختانە دادکۆکی لەو هەنگاوە رەگەزپەرستانە دەکات کە رژێمی بەعس دژ بەکورد ئەنجامی داون.

لایەنە دەستەڵاتدارەکانی کوردستان هاوسۆزیان لەگەڵ شیعە هەیەو پێیانوایە کارکردن لەگەڵ شیعە ئاسانترە. بەڵام ئەزموونی کابینەی ئیبراهیم جەعفەری دژ بەخواستەکانی کورد لەبەرچاوانەو ناتوانرێ بەو خەڕەکە بڕێسرێتەوە. شیعەو سوننە سەبارەت بەکەرکوكو عەرەبە هاوردەکان لەیەکتریەوە نزیکن. حکومەتی جەعفەری رێککەوتنەکانی نێوان لیستی هاوپەیمانی کوردستانو شیعەکانی پێشێل کردو بارودۆخی کەرکوکی ئاسایی نەکردەوەو ماددەی ٥٨ ی جێبەجێ نەکرد. ئەمجارەشیان بەزارەکی ئەو بەڵێنە دەدەن، بەڵام ئامادە نابن وەك پرۆتۆکۆل بینووسن. لەلایەکی دیکەشەوە لیستی هاوپەیمانی کوردستان کە دووەمین لیستی براوەی هەڵبژارنەکانی عێراقە بەمافی رەوای خۆی دەزانێ لەحکومەتی بەغداد پشکی هەبێ‌و یەکێ لەسێ پۆستە گرنگەکە مسۆگەر بکات. بەڵام هەست بە مەترسی هاوپەیمانی سوننەو شیعە دەکات. هەرکاتێ ئەو دووانە رێکبکەون، دەتوانن زۆر بەئاسانی کورد لەهاوکێشەی بەغداد وەلا بنێنو بەتەنیا حکومەت پێکبهێنن. ئەگەر ئەمجارەشیان ئەو هاوڕایی‌و هاوپەیمانیە بەدی نەیەت. گەرەنتی ئەوەنییە لەداهاتوودا بەدی نایەتو کورد هاوێر ناکرێ. نەتەوەی کورد بە بەڵێن‌و پەیمانی رووت فریو ناخواتو چاوی لەئاسایی کردنەوەی بارودۆخی ناوچە بەعەرەبکراوەکان بریوەو دەیەوێ کەرکوكو ناوچە دابڕاوەکانی دیکە بۆ سەر هەرێمی کوردستان بگەڕێنەوە. کێشەکان تەنیا کەرکوكو خانەقین نین. هەرچەندە سەرانی کورد خۆیان لەموسڵ نەبان دەکەن، بەڵام لکاندنی قەزای مەخموورو ناحیەی گوێڕ بەکێشە دادەنێنو داوای گێڕانەوەیان بۆ سەر پارێزگای هەولێر دەکەن، عەرەب سەرسەختانە پێ لەسەر هێشتنەوەیان دادەگرێ. لەراستیدا پارێزگای موسڵیش یەکێ لەتەنگەژەکانی داهاتوو دەبێ‌و بەئاسانی سازشی لەسەر ناکرێ. سەرکردایەتی کورد ئەگەر دەستیش لەشاری موسڵ بشوات، بەڵام ناتوانێ دەست لەئاکرێ‌و شەنگالو شێخانو زمارو شوێنە کوردستانیەکانی دیکە هەڵبگرێ. عەرەب لەسەر هێشتنەوەی ئەو ناوچانە بەموسڵەوە تێدەکۆشن. کەواتە کێشەکان بە ئاسانی چارەسەرناکرێن. لەلایەکی دیکەشەوە دوای قۆناغە سەختەکانی خەباتو راپەڕینە خوێناویەکان، نەتەوەی کورد قۆناغی بندەستی گوزەراندووەو ئامادە نییە جارێکیتر مافو ئازادییەکانی خۆی بەدیتران بسپێرێتەوە. شیعەکان زۆرینەی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنن. بەو زۆرینەیەش دەستەلات مسۆگەر دەکەن. ئەوان بەدرێژایی ٨٠ ساڵ لەدەستەلات دانەبوون، ئەمرۆ کە بەتامەزرۆییەوە دەستەلاتیان وەرگرتووە نە ئامادە دەبن بە کەسانی دیکەی بدەنەوە، نەوازیش لەخواستە مەزهەبییەکانی خۆیان دەهێنن. خواستە مەزهەبیەکانی شیعە لەگەڵ خواستی سوننەو کورد یەکناگرێتەوە. سەرەنجام بەرەو دیکتاتۆری مەزهەبی رێچکە دەگرێ، مافو ئازادییەکانی دیتران زەوت دەکاتو بێبەشیان دەکات. ئەگەر ئەمجارەشیان لەگەڵ دەرەوەی خۆیان هاوپەیمانی بکەنو حکومەتی هاوبەش پێکبهێنن، گەرەنتی نابێ کە لەداهاتوو ئەو هەنگاوە دووپات بکەنەوە. ئێستا رەوتی سەدرو ریسالیونو هەندێ کیتر باس لەبێبەری کردنی کوردو هاوپەیمانی نەکردن لەگەڵ کورد دەکەن. ئەگەر عێراق گەڕایەوە نێو هاوکێشە نێودەوڵەتیەکانو پێگەی خۆی وەرگرتەوە، سوپایەکی بەهێزی دروست کردەوە، ئەوکاتە نە پێویستیان بەهاوپەیمانی دیتران دەمێنێ‌و نە لەدەستەلاتیش بەشی کەس دەدەن. بە زۆرینەی خۆیانو بەو دیموکراسییەی کە دەوڵەتان باسی لێوە دەکەن، شیعە دەتوانێ، حکومەتی مەزهەبی دروست بکاتو تاکڕەوی لەدەستەڵاتدا بکات. ئاکامی هەردوو هەڵبژاردنەکەی عێراق ئەوەیان سەلماند کە کورد دەنگ بەلیستی خۆی‌و شیعە دەنگ بە لیستی خۆی‌و سوننەش دەنگ بەخۆی دەدات. ئەوانەی باس لەیەکگرتووی عێراق دەکەن، تروسکاییەکیان بۆ نەماوەتەوە کە هێزێك بەناوی عێراق پەیدا ببێ‌و لەهەرسێ پێکهاتەکە دەنگ وەربگرێ. شیعەکان لەوانەی دیکە زۆرترو بەهێزترو یەکگرتووترن، کە واتە داهاتوو مافووری سووریان بۆ رادەخاتو دەستەلاتیان بۆ مسۆگەر دەکات. لەکۆتاییدا ئەو رامانە سەرڕاست دەکرێتەوە کە دەڵێ: {دیموکراسی ناتوانێ کێشەی نەتەوە بنەدەستەکان چارەسەربکات}و {عێراقی یەکگرتووش ناتوانێ گەلەکەی ئاسوودەو بەختەوەر بکات}. ئەگەر کێشەی نەتەوەیی لەعێراق چارەسەرنەکرێ، ئەگەر دانیشتوانی عێراق بەختەوەرو ئاسوودە نەبێ، تەنگەژەکان بەدوای یەکەوە گەورە دەبنەوە، سیاسەتکارانی ناوەخۆ ولاتانی بڕیاردەری جیهانیش ناچار دەبن بیر لەرێگەچارەیەکی دیکە بکەنەوە.

---

# ئەڵقەی ئازادی

**نووسینی: ئارنوود دی بۆرچگرێڤ**
**لەئینگلیزیەوە: قاسم رەیانی**



ئارنوود دی بۆرچگرێڤ

هەڵبژاردنی نەتەوەی عێراق، سێ رێیانێکی پێشبینکراوی بەرینی، بەسەرکەوتوویەکی ئاشکرای ئێران، وەبەرهەم هێنا. قەسان ئاتییە، راڤەکەری عێراقی گوتی: لەماوەی دوو ساڵو نیودا، سەرۆك بوش لەخولڤاندنی دوو تالبانی نوێ سەرکەوتنی بەدەستهێنا. کاندیدەکانیان شکستیان خواردووە، لایەنگرانی رۆژئاوا، دەوڵەتی سیکولەری یەکگرتوو لەقوڕگیرساوە. خەڵك دەنگیان بەرەگەزو ناسنامەی تایفەیی خۆیاندا. ئێستا فۆندامەندا لیستە شیعەکان دەستی هەرەباڵایان هەیە هیوای وانشتۆن بەسەرۆك وەزیرانی پێشوو ئەیاد عەلاوی یەکێتی سیکولەری سەربە ئەوو، پشتگیری نوێی کۆنسرڤاتیتیڤان لەئەحمەد چەلەبی سەرگەردانی سیاسی، دەستییاری ئێستاکێی سەرۆك وەزیران، لەسندوقەکانی هەڵبژاردندا بوونە هەڵم.

کەمایەتی سوننیش هەروەها فۆندامەندا لیستی خۆیان هەیە. ئێستا ئەوان کتێبی(تیرۆریستی دیموکراتیك)، نووسراوەی حیزبوڵلای لوبنانو حەماسی باریکەی غەزەو وێست بانگ (زیفەی غەربی) یان رەچاوکردووە. سەرهەڵدانەکانی عەرەبی سوننی درێژەی دەبێ بەڵام، دەبێتە خاوەن باڵێکی دیموکراتیك لەپەرلماندا، پتر وەك بەرنامەکانی حەماس بۆ دانیشتن لەپەرلەمانی نوێی فەلەستینداو، دانیشتنی حیزبوڵلا لەپەرلەمانی لوبناندا، لەحاڵێکدا ئێران خەریکی دارشتنی بەرنامەی توانایی سەربازیی خۆیەتی.

رژانی چەكو ساتووسەودای مادده سەرخۆشکەرەکان، داهاتی ئێران زۆر دەکات. کوردەکان ئێستا لەبارودۆخێکدان کە بەهێوری عەرەبەکان بەزۆر لەکەرکوك، کلیلی کۆنترۆل کردنی چاڵاوەکانی نەوت لەباکور، دەرپەڕێنن، کەرکوك ئەو شارەی کە سەدام حوسێن بەمەبەستی بەعەرەبکردن، عەرەبەکانی بەزۆر تێخزاند.

لەباشوور، دەسگای ئیداری بوش ئێستا بەستراوەی بولهەوسییەکانی سەرۆك کۆماری ئێران، مەحمودی ئەحمەد نەژادە، یەکێك لەبرادەرانی نوێی ئەحمەد نەژاد، ناسیۆنالیستی کەللەگەرم، مەلا موقتەدا سەدرە کە سوپای مەهدی سەربە ئەو، ساڵی پار بەدەست هێزەکانی ئەمریکا لەنەجەف وەدەرنرا. ئەو لەهەڵبژاردنی ١٥ ی سێپتەمبەردا خۆی گەیاندە سەرکەوتنێکی ئاشکراو، دەورێکی گرنگ لەدەوڵەتێکی بەهەرحاڵ لەهەفتەکانی داهاتوودا پینەو پەڕۆ دەکرێ، دەگێرێ لەو کەینو بەینەدا وەزیری ناوەخۆ، کە پتر لە ١٠٠، پۆلیسو یەکانەکانی پەرلەمان کۆنترۆل دەکا، لەدەستی شیعەکاندایە.

پێشبینییەکانی ژێئۆپۆلۆتیك، وەکی لەئیسرائیل دەخوێندرێنەوە نیشاندەدەن کە ئێران لەمارچی (ئازاری) داهاتوودا، دەبێتە نۆهەمین هێزی ئەتۆمی لەجیهاندا. ئێران ماوەی ١٨ ساڵە. لەوکاتەوە لەبازاڕی قاچاخی ئەتۆمی پاکستان ئاغا قەدیرخان، بەدانی کەرەسە دەستی پێکرد، خەریکی کاکردن لەسەر بەرنامەی ئەتۆمی خۆیەتی. سەرۆکی بنکەی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی، محەمەد ئەلبەرادەعی، ئێستا دەڵێ ئێران دەتوانێ چەند مانگێك دووربێ. بێتو بنکەی دەوڵەمەندکردنی ئۆرانیۆمی نەتەنز سەر لەنوێ بکاتەوە. گوشاری دیبلۆماتیکی ئەمریکا لەلایەن سێ وڵاتی یەکێتی ئەورووپا، فەرەنسا، بەریتانیاو ئەڵمان، پشتیوانی لێدەکرێ‌و هاتۆتە قۆناغی باسو لێدوان.

باسێك لەشکڵی ئابلوقەی شورای ئەمنیەتی رێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بەدژی ئێران کە لەحاڵی ئێستادا هەموو خاوەن هێزەکانی سزادەری لەپشتە. رووسیاو چین هەر چەشنە کردەوەیەکی دژ بە ئێران ڤیتۆ دەکەن. چین ئێستا لە حاڵی وتووێژی بەستنی پەیمانێکی ١٠٠ ملیون دۆلاری نەوت و گازە لەگەڵ ئێران، لەژێر(ئێم ئۆ یو)دا پێکەوەن، هەروەها یارمەتی پەرەپێدانی مەیدانی نەوتی دوور لەکەناراویی یادەوەران دەکا. لەڕۆژدا ١٥٠٠٠ بەرمیل دەردخا.

لەلایەکی دیکەوە رووسیا، لەودواییانەدا پەیمانێکی ئیمزاکرد کە توانایی دژی هەواییەکی مۆبایل بەئێران تەحویل بدا. پەیمانی ٧٠٠ ملیۆن دۆلاری کە لەتەحویل دانەکەی لەسەرتای ساڵی ٢٠٠٦ دا دەست پێدەکات، بەشی ٣٢ سیستەمی تی‌ئۆئار ئێم دەکاو بۆ سوودوەرگرتن بەدژی هێرشی کتوپڕی ئیسرائیل زۆر درەنگە. هەروەها ئێران لەحاڵی پەرەپێدانی موشەکێکی ٥٠٠-٣ کیلۆمەترییە کە لەسەر موشەکی کرووز دامەزراوە، پێش پێنج ساڵ لەمەو بەر لەئۆکراینەوە کڕاوە.

سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل، ئاریەڵ شارۆن لە ١ی دیسەمبەردا وریاییدا کە:{ئیسرائیل ناتوانێ بارودۆخێك قەبوڵ بکە کە ئێران هێزی ئەتۆمی هەیە، خەریکی هەموو ئامادەسازییەکی پێویستە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخێکی ئاوادا}.

گێن ئاهارۆن زیوی فەرکەش، سەرۆکی سیخوڕی ئەرتەشی ئیسرائیل، دەڵێ:{هێڵی مەرگ (دوایین مۆڵەت) ئێستا لەهەموو کاتێك نزیکترە}. هەروەها رێزدار فەرکەش گوتی:{هەوڵەکانی دیبلۆماتیك دوای مانگی مارچ بێ سوود دەبن}. توانایی هێزی هەوایی ئیسرائیل لەکاتی لێدانی سووکی بنکەی ئەتۆمیی عێراق لەقەسەرەك، یەکجار زۆر بەرزبۆتەوە. بنچینەی دووکترینی ستراتیژیکی ئیسرائیل وەك پێداویستیەکی حاشا هەڵنەگر، پێشگرتن بەدوژمنەکانێتی بۆ وەدەستهێنانی چەکی کۆمەڵ کوژ، لەو دواییانەدا ئیسرائیل ٥٠٠ بۆمبی ژێر زەوی هەڵتەکێنی مۆدێلی (بی‌ئێل یو ١٠٩)ی ئەمریکایی وەدەستهێناوە.

موشە ئارێن، وەزیری بەرگری پێشووی ئیسرائیل دەڵێ: ئێمە توانای لێدانی ئێرانمان هەیە بەڵام شکستدان بە تەنیا زەبرێکی بتوانێ بەرنامەی ئێران لەکارکردن بوەستێنێ، وەدینایا.

بە هەڵپێچانو پێشنیاری هەڵداشتنی ئیسرائیل بۆ ئالاسکا، رێزدار ئەحمەدی نەژاد دەرك دەکا کە گەمە بە ئاگر دەکا. ئایا دەکرێ توند ڕەوەکانی ئێران بۆ لێدانی ١٤ بنکەی قورسو قایمی ژێر زەوی بەبیری زبری ئیسرائیلەوە بچن کە تێیدا، ناوەندی پشکنین، گروپی کار، ئامرازی ئەتۆمی، شوێنی فەرماندەیی موشەکی‌و ناوەندی کۆنترۆل، شاردراونەتەوە. هەندێك لەو بنکانە لەنزیك خانووبەرەی مەدەنی هەڵکەوتوون. جەستەی ژنو منداڵی مردوو بریندار بە ماوەی چەندین هەفتە شاشەی تەلەفزیۆن دادەگرن، جیهان لەبەرانبەر ئەمریکادا رادەوەستێ.

ساڵێك لەوەو پێش، دیك چینی جێگری سەرۆکۆمار گوتی: {ئیسرائیل دەتوانێ بڕیاربدا لەپێشدا دەست بەکاربکات بۆ ئەوەی هەرەشەی ئەتۆمی تاران لەناو بەرێ}. ئەو هەروەها گوتی: مرۆ لەچوارقورنەی جیهاندا شوێنی بە زەحمەتو بەگرفت دەبینێ. ئێران دروست لەسەرەوەی ئەولیستەدایە.

ئەوسا جیهانی موسڵمان بە گوێرەی خود کار سەرکۆنەی ئەمریکا دەکەن، چونکو چرای سەوزی بە ئیسرائیل داوە. تونیەتی تۆڵە ستێندنەوە عێراق، چالاوی نەوتی بەناوبانگی ناوچەی شیعە لەرۆژهەلاتی عەرەبستانی سعودی دەگرێتەوە، دەبێتەوە جموجۆڵ خستنی توندڕەوەکان لەسەرانسەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. سەدان هەزار ئێرانی لەشەڕی هەشت ساڵەی هێرشی سەدام لەساڵی ١٩٨٠دا کوژران، ئەوسا ناردنی دوو یا سێ کەرتی سەربازی بۆ عێراق بۆ ئەوەی ئەمریکا ناچار بەرووبەڕوو بوونەوەیەکی دیکەی سەربازی بکا، بۆ رێزدار ئەحمەد نەژادو مەلا راوێژکارانی لەشاری پیرۆزی قوم، سیناریۆیەکی واقعییە.

**سەرچاوە: واشینگتۆن تایمز ٢٠٠٥/١٢/٣١**
www.washingtontimes.com

**ئەم بابەتە پێشتر لەماڵپەڕی کوردستان پرێس بڵاو کراوەتەوە**